# چەند تێبینیەك لەسەر ووتەكەی مام جەلال

**شاخەوان شوڕش**
2005.3.21




لە ڕۆژی یادی هەڵەبجەی سەربەرزدا, كۆمەڵەی نیشتیمانی ئێراقی (پەرلەمانی ئێراقی)  یەكەم كۆبوونەوەی خۆی سازكرد. لەژێر ئاڵای بەعس و سەدامی دیكتاتۆر كۆبوونەوەكە سازكرا و بە زمانی نەتەوەی گەلكوژی عارەب, بە زمانی عارەبی سوێندخوراو بەڵێنی پاراستنی یەكێتی خاك و نیشتیمانی ئێراق لەلایەن هەموان درا.

لەسەر تابلۆكەی پشتی سەرۆكی كۆبوونەوە, لەسەری سەرەوە بەگەورەیی بەزمانی عارەبی ڕستەی ئایەتێكی قورئان نووسرابوو, لەخوار ئەو نەخشەیەكی ئێراق, لەخوارتر بە عارەبی ناوی كۆمەڵەی نیشتیمانی نووسرابوو. لەخواری خوارەوە بە بچوكی بە كوردی كۆمەڵەی نیشتیمانی نوسرابوو. سەرۆكی كۆبوونەوە كابرایەكی عارەبی سەر بەعەگال بوو و ئەولاو ئەملای ئاڵای بەعس و سەدام بوو. تابلۆكە وێنای ئەو ئێراقەی دەكێشا كە هەوڵی دروستكردنی دەدرێت. دیمەنەكە بەگشتی سیمایەكی دیاری سیمبۆلەكانی تاوانكاریەكیانی ڕابردووی بەخۆیەوە گرتبوو.

لەبەر ئەوەی مام جەلال كوردە و ڕەنگە ببێتە سەرۆكی ئێراق, جێگای خۆیەتی هەندێ تێبینی بەكورتی لەسەر وتەكەی بخەینەڕوو.

مام جەلال وەكو سەركردەیەكی كورد, بە زمانی عارەبی وتاری خۆی خوێندەوە. كەم واهەیە ڕەنگە زۆر سەخت بێت نمونەی سەركردەی لەوشێوەیە لەنێو گەلانی ژێردەستەدا بدۆزیەوە. واتە سەركردەی نەتەوەی ژێردەست بەزمانی نەتەوەی چەوسێنەر و داگیركەر بدوێت.

كارەساتی گەلكوژیەكەی هەڵەبجە خرایە تەك ڕاپەرینی شەعبانی شیعە و وەكو دوو ڕووداوی ناوئێراق و پەیوەستدار بە گەلی ئێراق. بەو واتایە ئەو ڕووداوانە بە هۆی بوونی ڕژێمی بەعسی دیكتاتۆر هاتنەكایەوە و ئێستا بەعس ڕوخاوە و گەلی ئێراق ئەو زۆردارییەیان لەسەر نەما.

ئاماژەی بە دوو نەتەوەی سەرەكی عارەب و كورد كرد. وەک بینیمان, تابلۆكەی كۆبوونەوەكە وێنای نەتەوەیەكی عارەبی زاڵی كێشابوو و سوچێكی بچوكی بەكورد ڕەوابینیبوو. لە یاساكاتیەكەش (ئەرتیكلی 7 برگەی (ب)) عارەب بەنەتەوەی جیانەكراوەی

گەلی عارەب دانراوە و باسیش لە کورد بەو شێوەیە ناکات. وتە کورتەکەی د. فواد مەحسومی لێدەرچێ, وتەکانی دیکە و سوێندخواردنەکان هەمووی بەعارەبی بوون.

گوتی: دیکتاتۆریەتی تاوانبار بکەری ڕەشترین تاوان بوون و خیانەتی نیشتیمانیان ئەنجامدا. لەژێرناوی ئێراقیبوون, نەتەوەپەروەری, سۆسیاستی و تایفەگەری بەئاگروئاسن کەوتنەگیانی گەلی ئێراق لە باکور و ناوەڕاست و باشور. بەو واتایە ئێراق نیشتیمانی هەموولایەکمانە و ئەوان زۆرداریان بەرامبەر هەموومان کرد و خیانەتیان لێکردین.

گەلی قارەمانی ئێراق لە هەموو ناوچەکانیەوە لەکوردستان و ناوەراست و زۆنگاوەکان و رۆژهەلاّت و ڕۆژئاوایدا خوێنیان لە پێناو ڕزگاری لە دیکتاتۆریەتدا ڕشتووە. دیسان هەموومان وەکو گەلی ئێراق کێشەیەکی هاوبەشمان هەبووە ئەویش بوونی ڕژێمێکی دیکتاتۆر بووە. ئاشکرایە خەباتی زۆنگاوەکانی باشوور و کوردستان جودا بووە و هەرگیز نەیەک ئامانجیان هەبووە, نە لەسەر یەک بنچینەش هاوونەتەدی. نازانم ناوەراست خەباتی چی دژی ڕژێمی دیکتاتۆر کردووە. ئەدی ئەوان دەسەلاّتدار نەبوون! دیارە ئەو وەکو سەرۆکی ئایندەی ئێراق دەبێ هەموولایەکی لەبەرچاو بێت.

ئاماژەی بە ئەرکی نیشتیمانی لەپێناوی بەدیهێنانی یەکێتیەکی نیشتیمانی ئێراقی راستگۆیانە و ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی کرد. گوتی: دەبێ یەکێتیە نیشتیمانیەکە بکەینە یەکێتیەکی راستگۆیانە و وەکو گەلی ئێراق, پاراستنی یەکێتی نیشتیمانی ئێراق, ئەرکی نیشتیمانیمانە. سەبارەت بە ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی گەلێ پرسیار خۆیان قیت دەکەنەوە, لەوانە: ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی چۆن و لەسەر چ بنچینەیەک؟ چ نیشتیمانێک؟ ئەو نیشتیمانەی کە سەدا 98ی خەلّکی کوردستان بە وراتی خۆیانی نازانن؟ ئاشتبوونەوە چۆن دەکرێت کە تاوانکاریەکانی هەلّەبجە و ئەنفال لە یاسادا نانوسرێن؟ ئاشتبوونەوە چۆن دەکرێت کاتێ کۆبوونەوەی پەرلەمان لە یادی هەلّەبجەدا دەکرێت و داوای لێبوردن لە قوربانیەکانی هەلّەبجە لەلایەن عارەبانەوە ناکرێت؟ چ ئاشتبوونەوەیەک کاتێ کورد لە ئێراقدا پلەدوو بێت؟ ئاشتبوونەوە کاتێک دەکرێ بێتەدی, کە کورد وەکو عارەب خاوەنی سەروەری تەواوی خۆی بوو و عارەبیش جگەلەوەی دەبێ دان بەوەدا بنێن, دەبێ بۆ ئاشتبوونەوە دەستپێشخەریش بن.

ئێمە لە سەرەتای دروستبوونی ئێراقەوە لەگەلّ برا شیعەکانمان لە دامەزراندنی ولاّت بێبەشکراین و ئێستا دەبێ سود لەو پەندە وەرگرین, دەبێ برایانی سوننە و هەموومان لە بنیاتنانی ئێراق بەشداربین. ئەگەر وانەکەین سەرکەوتوونابین, بەیەکێتی نیشتیمانی ئێراقیش شاد نابین و کێشە کۆتاییان نایەت. واتە ئێراق ولاّتی هەموانە و لەسەرەتاوە دەبوایە هەموومان لە دامەزراندنیدا بەشدار بکراباین. ئەوەی من بیزانم کە ئێراق دروستکرا, کوردستانی بەزۆر پێوەلکێنرا و زۆرینەی کوردیش ئەو ولاّتەیان ڕەتکردەوە. ئێستا مام جەلال دەلّێ ولاّتی هەموان بووە و ئێمە لێی بێبەشکراین!

لەکۆتاییدا ئاماژە بە قوربانی گەلی ئێراق کە لە پێناوی ئێراقێکی فیدرال و دیموکراتی دایان دەکات. هەروەها گوتی : دەبێ یەکێتی نیشتیمانەکەی لەسەر بنەمای یەکسانی هاولاّتی, ئازادیە دیموکراسیەکان و دانان بەڕاستیە مێژوویەکان بێت. دەپرسم, ئایا خەلّکی کوردستان خۆیان بەگەلی ئێراق دەزانی و کێشەیان سیستەم گۆرین بوو, لەپێناو ئێراقێکی دیموکرات و فیدرال گیانیان بەختکرد؟
سەبارەت بە ڕاستیە مێژوویەکان و دانپێنانیان, هەموومان دەیبینین, عارەبەکانی ئێراق تائێستا نکوّلّیان کردووە. نایانەوێ دان بەسنوری کوردستاندا بنێن و هەموو هەولێک دەدەن, هەولّەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لەمبارەیەوە هەمووی بەفیرۆ نەڕوات.
سەبارەت بە یەکسانی هاولاّتی, ئەوە بە یاسا و لە یاسای بنچینەیی ولاّتدا نووسینی ئاسانە, بەلاّم بەکردەوە هەرگیز نایەتەدی, ئەوە فاکتە و سەیری ئەو ولاّتانە بکەن کەوا نەتەوەی کەمینەی خاوەن مافیان تێدا هەیە.
سەبارەت بە ئازادیە دیموکراسیەکان, ئەوە ڕێگایەکی دوور و درێژە و دیارنییە کەی دێتەدی. باشوری کوردستان کە لەم بوارەدا لە ئێراقدا لەپێشترین ناوچەیە, هێشتا زۆر لە ئاوات دوورە.

بەکورتی مام جەلال وەکو ئێراقیەکی زۆر دڵسۆزی ئێراق خۆی پیشان دەدات و ئامۆژگاریش دەکات چۆن دەتوانرێ یەکێتی نیشتیمانی ئێراق بپارێزرێت. لەوتەکەی دەردەکەوێت, ئێراق وڵاتی هەموان بووە و دەبێ هەمووومان لەو بنیاتنانەوەی وڵاتدا بەشداربین. کێشەی گەلی ئێراق بوونی ڕژێمی دیکتاتۆر بووە و ویستوویانە رژێمە نارەواکە بگۆڕن و رژێمێکی رەوا دابمەزرێنن. بەمجۆرە کێشەی کورد لەبنچینەدا و لەگەڵ دروستبوونی ئێراق, کێشەیەکی ئێراقی بووە و کوردیش وەکو گەلێکی ئێراقی کێشەکەی ئەوە بووە رژێمە نارەواکە بگۆرێت, زۆرداری و نایەکسانی لابەرێت و دیموکراسی, یەکسانی و ئازادی بەدەستبهێنێت. بەو واتایە هەموو گۆتەکانی سەبارەت بە بوونی کێشەی دوو نەتەوەی جودا, خەباتی رزگاری کورد بۆ سەربەخۆیی,  خاکی داگیرکراو و بوونی داگیرکەر لەکوردستاندا هتد. هەمووی هیچ بوون.
بێگومان دڵسۆزانی ئێراق دەڵێن: ئەی چۆن مام جەلال وەکو سەرۆکی داهاتووی ئێراق, دەبێ سەیری هەموو گەلی ئێراق وەک یەک بکات و دلسۆزی خۆی بۆ وڵات و دانیشتوانانی دەربخات.
هیچ گلیەیی و رەخنەم نەدەبوو, ئەگەر مام جەلال و بارزانی و ئەوانی دیکە, هەر لەسەرەتای خەباتیاندا تەنها باسیان لەسیستەم گۆرین بکردایە و خەڵکیان لەپێناو ئێراقێکی دیموکراسی بەکوشت دابایە. بیانگوتبایە کوردستان داگیرکراو نییە و خەباتی ئێمەش خەباتێکی رزگاری نەتەوایەتی نییە. بیانگوتبایە ئێمە ئێراقین و لەدەسەڵات بێبەشکراوین و خیانەتمان لێکراوە و خەباتمان بۆ بەشداریکردنی دەسەڵاتە هتد..

من ناتوانم خۆم لەڕابردوو گێل بکەم, هەربۆیەش پرسیار دەکەم: ئەدی ئەو هەموو وتە و دروشمەی سەبارەت بە بوونی داگیرکەرانی کوردستان, رزگاری یەکجارەکی کوردستان و ئازادی کوردستانتان لەچی بوو؟!